## ژمـــارە :٣٤٣

# " فەرمـــانی وەزاری "

لە پێناو پیادەکردنی ماددەی پێنجەم لە یاسای دەسەلأتی دادوەری ژمارە / ١٤ سالّی ١٩٩٢ کە جەخت دەکاتە سەر بە کارهێنانی زمانی کوردی لە دادگاکان، بڕیارماندا:٠٠

١. سکالأنامە و داواکاری و دادبینی و دادگایی کردن لە گشت دادگاکانی هەرێمی کوردستان بـە زمانی کوردی بێت .

٢. کۆنووس و گوفتار لایەنە دژ کارەکان و شایەتەکان بە کوردی وەردەگیرێت .

٣. بڕیـارە دادوەرییـەکان بـە کـوردی دەردەچـێت و ئەگـەر زاراوەیـەکی یاسـایی نـامۆ بـوو دەتوانرێت هەر بە عـەرەبی بنووسـرێت یـان بـە زاراوەیـەکی کـوردی و زاراوە عەرەبییەکـەی لەتەکەوە لە نێو دوو کەوانە بنووسرێت .

٤. ئەم فەرمانە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٦/٣وە کاری پێ دەکرێت .

**هـــادی عـــلی**

**وەزیــــــــــری داد**